# Summer Roof

# سەربانی هاوین

سودم لە قەسیدەیەکی د. چۆمان هەردی وەرگرتوە بە ناوی سەربانی هاوین.

**نووسینی:دارۆ ئەزیز**

2015

daroaziz@hotmail.com

**FADE IN:**

### ١.دەرەوە . ماڵی تارا. سەربانی هاوین. شەو.

### .کوردستان – هاوین- ناوەڕاستی هەشتاکان

دوو دەست سەرچەفی جێگای نووستنیان هەڵگرتوە، سەرچەفەکە ئەکەوێتە سەرجێگایی نووستنەکە، دوو دەستەکە سەرچەفەکە بەرزدەکەنەوە بۆئاسمان، سەرچەفەکە لە ئاسماندا ئەفرێ، لەئاسماندا کۆمەڵێک ئەستێرە دەردەکەون، سەرچەفەکە یەتەخوارەوە بۆ .سەرجێگاکە، دوو دەستەکە سەرجێگایی نووستنەکەچاک دەکات

ئەو دوو دەستە، دەستەکانی کیژۆڵەیەکی جوان ناوی تارایە، تەمەنی دەوروبەری (١٩) ساڵە ،تارا سەیری سەربانی دراوسێکانی دەکات، سەربانەکان هەموویان نووساون بەیەکەوە، تەنها دیوارێکی کۆنکرێت لەنێوانیاندایە، بەرزی نزیکەی یەک م ەتر دەبێت . زۆربەی دراوسێکان خەریکی چاکردنی جێگای نووستنن، تارا فۆکەس دەکاتە سەر سەربانی ماڵی ئالان، ماڵی ئالان ب ە تەنیشت سەربانی ماڵی تاراوەی

**تارا**

.حەزدەکەم گەشتێک بکەم بە نێو ئەو دونیایەی تۆدا ١

.تارا دەڕوات بەرەو ڕووی پلیکانەکان بۆ ئەوەی بچێتە خوارەوە، چاوی هەر لەسەر سەربانی ماڵی ئالانە

### .2دەرەوە. ماڵی ئالان. سەربانی هاوین. شەو.

ئالان شێوەکارەو تەمەنی نزیکەی (٢٢) ساڵ دەبێت، ئالان فڵچەی وێنەکێشانی بەدەستەوەیە، دایکی ئالان ژنی ماڵەوەیە تەمەنی نزیکەیی (٤٠) ساڵ دەبێت ناوی کوێستانە، کوێستان خەریکی چاککردنی جێگایی نووستنە. فڵچەیەک دەکرێتە نێو قوتووی ڕەنگەکانەوە، دەستەکە وێنە دەکێشێت، دووبارە فڵچەکە دەکاتەوە بە نێو قوتووی ڕەنگەکانەوە، ئالان بە دەستێکی دیی خەریکی جگەرە کێشانە، لە دەمیەوە دوکەڵێکی زۆریەتە دەرەوە، دوکەڵەکە سەراپایی تابلۆکە دادەپۆشێت، ئالان ڕوویەک وەردە گێرێت بۆ .لای سەربانی ماڵی تارا ١

**ئالان**

تابلۆیەکی تر دروست دەکەم، ڕوخساری تۆ بۆ ڕەنگە گەرمەکان، مانگیش

.بۆ ڕەنگە ساردەکان

.دووکەڵی جگەرەکە زۆر دەبێت تاکو هەموو سکرینەکە دا ئەپۆشێت

### 3.دەرەوە. ماڵی تارا. سەربانی هاوین. شەو .

تارا لە پێپلیکانەکانەوە بەرەو سەربانەکە دێت، مەرکانەیەک ئاوی پێیە، چاوی لەسەر سەربانی ماڵی ئالانە، تابلۆیەك لەسەر سێپایەک دانراوە، لەپڕ لە ناوەڕاستی سەربانەکەدا مەرکانە ئاوەکە دەکەوێتە خ وارەوەو پارچە پارچە دەبێت، هەموو دراوسێکان لە .دەنگی شکانی مەرکانەی ئاوەکە بەرزدەبنەوە و سەیری سەربانی ماڵی تارا دەکەن

**ئالان**

مەترسە، ئەی گوڵ.

تارا زەرد ەخەنەیەک دەکات، هەموو ئەندامانی خێزانی تارا لە پێپلیکانەکانەوە بەرەو سەربانەکە دێن، دانا، خوێندکارەو تەمەنی نزیکەی (١٦) ساڵە دەبێت، دایکی تارا (نەسرین) تەمەنی نزیکەیی (٤٥) ساڵ دەبێت، ژنی ماڵەوەیە، باوکی تارا (ئوسمان) تەمەنی نزیکەی (٥٠) دەبێت و قەسابە، هەموو ئەندامانی خێزانەکە جلوبەرگی خەوتنیان لەبەردایە، دانا فلچەیەکی گەورە دێنێت خەریکی کۆکردنەوەی پارچە شکاوەکانە .

**ئوسمان**

هیچ نیە، ئەم نیشانەیەکی باشە، هەموو ئارەزووەکانت دێتە دی

پێمان بڵێ ئاواتەکانت چییە؟

تارا دەچێتە سەر قەرەوێڵەکەی دائەنیشێ، دایک و باوکی ئەملاو ئەولایی لێدەگرن، دانا بەردەوامە لە گسک دان .

### دەرەوە. ماڵی تارا، سەربانی هاوین شەو.

### 4

هەموو ئەندامانی خێزانی تارا لەسەر قەرەوێڵەکانیان خەوتوون، تارا هەڵئەسێ و سەیریان دەکات بۆ ئەوەی دڵنیابێت خەوتوون، وورده ورده بەرەو ڕووی سەربانی ماڵی ئالان دەڕوات، سەرئەکەوێت بەسەر دیواری سەربانەکەیاندا .

### دەرەوە. ماڵی ئالان . سەربانی هاوین . شەو. .5

ئالان وێنە دەکێشێت، ڕووناکی سەر تابلۆکەی دەکوژێتەوە .

**تارا** ( بەچرپە)

ئالان....ئالان .

تارا دەستی ئالان دەگرێت و بەئەسپای بەرەو ڕووی قەرەوێڵەکەی  ئالان دەڕۆن، تارا لەسەر جێگایی ئالان ڕادەکشێ و هەردوو دەستی ئالان دەگرێ و دەیخاتە سەرسنگی خۆی ، ئالان سەرچەفەکە ئەدات بەسەرسەریاندا، بە جوڵەی سەرچەفەکەدا دەردەکەوێ یەکتری لە ئامێز دەگرن.

DISSOLVE TO:

### 6 .دەرەوە. ماڵی تارا. سەربانی هاوین. شەو.

تارا لە سەر جێگای نووستنەکەی خەوتووە، سەری بە سە   رچەفەکەی داپۆشراوە، جوڵەکان هەما ن جوڵەی دیمەنی  پێشوترە.

**تارا**

ئالان.....ئالان

هەموو ئەندامانی خێزانەکەی لە خەوهەڵئەستن، بەرەو قەرەوێڵەکەی تارا دەڕۆن، ئەیانەوێت تارا بێدەنگ بکەن.

**نەسرین**

تارا.......تارا .

نەسرین سەرچەفەکە لەسەر سەری تارا لادەبات، تارا لە خەو ڕادەپەڕێت، ماندووە ، ئارەق بە ڕووخساریدا دێتە خوارەوە، دانا ئاو دەدات بە تارا، دراوسێکان دەیکەن بە غەڵبە غەڵب .

**دراوسێی یەکەم**

ئەوە چی ڕووی داوە؟

**دراوسێی دووهەم**

پێویستت بە یارمەتی هەیە؟

**دراوسێی سێهەم**

تارا، چی ڕوویداوە؟

ئوسمان بە توندی دەستی ڕادەکێشێت بەرەو پێپلیکانەکان بۆ خوارەوە.

### 7. ناوەوە. ماڵی تارا. ژووری نوستن. شەو.

تارا و دانا لەسەر قەنەفەیەک دانیشتوون، ئوسمان بە ناو ژورەکەدا پیاسە دەکات.

**ئوسمان**

پێم بڵێ، بۆچی هاواری ئالانت ئەکرد، خۆشت ئەوێ وانیە؟

ئوسمان تووڕە دیارەو لەم سەری ژورەکە دەچێت بۆ ئەوسەری ژورەکە  بە بەردەوامی، نەسرین خۆی دەکات بە ژورا.

**نەسرین**

تارا......؟

**ئوسمان**

بەیارمەتی خۆت، هیچ بەرگریەک لە تارا نەکەی، ئەمە دواهەمین چانسییەتی

ئەگەر ئەمە دووبارە بکاتەوە، خۆم ئەزانم چیدەکەم.

نەسرین لە نزیک تارا دائەنیشێت.

**نەسرین**

تۆ ناتوانی هیچ بکەی ، وانیە؟

**تارا**

باوکە، تەنہا خەوێکی ناخۆش بوو .

ئوسمان بەرەو ڕووی دەرگاکە دەڕوات و لە ناوەڕاستی دەرگاکەدا دەوەستێت، بە ڕووخساریدا وادیارە زۆر تورەیە.

**ئوسمان**

نەسرین ، من قسەیی خۆم کرد.

ئوسمان لە ژوورەکە دەچێتە دەرەوە، نەسرین دەستی تارا دەگرێت وەکو پاڵپشتەیەک خۆی نیشان دەدات.

**نەسرین**

گوێ بگرە کچم ، پەلە مەکە، ڕۆژێک دێت هەموو خەونەکانت

بێتە دیی.

نەسرین بە چاو ئاماژە بۆ تارا دەکات دوایی باوکی بکەوێت، تارا لە ژورەکە دەچێتە دەرەوە.

**8. ناوەوە. شوێنی وێنەکێشان. شەو.**

شوێنی کارکردنی ئالانە، چوار دەووری ژوورەکە بە تابلۆ داپۆشراوە، لەناوەڕاستی ژوورەکەدا تابلۆیەک لەسەر سێپایەک دانراوە، ئالان دەستی تارای گرتوە ئەیەوێت فێری وێنەکێشانی بکات، تارا فڵچەکەی بەدەستەوەیە لەسەر تابلۆکە دەیجوڵێنێت، فڵچەکە بە نارێکی دەجوڵێت تابلۆکە ئەشێوێنێ. ئالان توڕە دەبێت، جگەرەکەی بە خێرایی هەڵدەمژێت و دووکەڵێکی زۆر لە دەمیەوە یەتە دەرەوە. ئالان لە ژوورەکە دەچێتە دەرەوە.

**تارا**

ئالان.....ئالان.

تارا دوایی دەکەوێت .

**DISSOLVE TO:**

**9 . دەرەوە. ماڵی تارا. سەربانی هاوین. شەو.**

تارا بەسەر سەربانەکەدا دەڕوات. هاوار دەکات ، بەهەمان تۆنی دیمەنی پێشوو.

**تارا**

ئالان.......ئالان.

لەدواوە نەسرین و دانا پەلاماری دەدەن بۆ ئەوەی بێدەنگی بکەن، دانا دەست دەخاتە سەر دەمی تارا، ئوسمان بەرەو ڕوویان دەڕوات، ئوسمان قژی تارا ڕادەکێشێت تاکو بیباتە خوارەوە، نەسرین و دانا دەستی ئوسمان دەگرن بۆ ئەوەی تارا ڕزگار بکەن. دراوسێکان لە هەر چوار دەورەوە بەسەر سەربانەکاندا باز هەڵئەدەن بۆ ئەوەی فریایی تارا بکەوون، دراوسێکان چوار دەوری ئوسمان دەگرن، تارا لە ژێر دەستی ئوسمان ڕزگار دەکەن.

**ئوسمان**

تارا، وەرە با بڕۆینە خوارەوە، ئەمەوێت قسە بکەین.

نەسرین و دانا ئەملاو ئەولای تارایان گرتوە و بەرەو پێپلیکانەکان دەڕۆن، دراوسێکانیان بە دیوارەکاندا باز هەڵئەدەن بۆ سەربانی خۆیان.

**10 . دەرەوە. ماڵی تارا. باخچەی ماڵەکە. بەیانی.**

ئوسمان و نەسرین، لەناو باخچەی ماڵەکەدا دانیشتوون خەریکی چا خواردنی بەیانین،
کورسیەکانیان لەژێر کەپری مێویکدایە، دانا و تارا جل وبەرگی قوتابخانەیان لە بەردایە بەخێرایی چا دەخۆنەوە. هەردووکیان ئەیانەوێت بەرەو دەرگایی دەرەوە بڕۆن.

**ئوسمان**

بۆستە دانا، ئەمەوێت قسەت لەگەڵدا بکەم، تارا تۆ لە ماڵەوە بە.

دانا دەرگای دەرەوە دەکاتەوە ، ئوسمان و دانا دەچنەدەرەوە و دەرگاکە دادەخەن.

تارا

دایکە، نامەوێت لە ماڵەوە بم.

تارا بە دەم گریانەوە بەرەو ژووری دانیشتنەکە دەڕوات و دایکی بە دوایدا.

11. دەرەوە. بەردەم ماڵی تارا. ناوئۆتومبیلەکەی ئوسمان. بەیانی.

ئوسمان و دانا لەناو ئوتومبیلکەی ئوسماندا دانیشتوون، دانا خەریکی ڕادیۆکەیە بۆ ئەوەی گۆرانییەک بدۆزێتەوە، ئوسمان ناو جانتاکەی دانا دەگەڕێت، لەناو جانتاکەدا چەند زەرفێک دەرئەهێنێت و هەڵیان دەپچڕێت.

ئوسمان

ئەمانە تارا داویە پێت، وانیە؟

دانا وەڵام ناداتەوە.

ئوسمان

تۆ خۆت بە پیاو دەزانی؟ ئەمانە چیە؟

دانا ئەیەوێت دەرگای ئوتومبیلەکە بکاتەوە و دابەزێت.

ئوسمان

دانەبەزی.

ئوسمان سلف لە ئوتومبیلەکەی دەدات.

12. ناوەوە. ماڵی تارا. ژووری دانیشتن. ئێوارە.

تارا لە ناوەراستی ژووری دانیشتندا کۆمەڵێک قەڵەمی ڕەنگاو ڕەنگی بڵاوکردۆتەوە، لەگەڵ کۆمەڵێک فلچەیی ئاوی، خەریکی وێنەکێشانە، لەپڕگۆیی لە دەنگی پێیەک دەبێت، هەڵئەسێت لە پەنجەرەکەوە سەیری دەرەوە دەکات.

تارا

ئەوە خەریکی چیت، دایکە؟

نەسرین وەڵامی ناداتەوە، لە چاوی تاراوە، نەسرین کۆمەڵێک سەرچەف و شتومەکی خەوتنی هەڵگرتوە، لە حەوشەکە دایئەنێت و خەریکی ڕێکخستنی جێگایی نووستنە. دانا دەرگای دەرەوە دەکاتەوە و یەتە ژوورەوە. بەرەورووی ژووری دانیشتنەکە دەڕوات.

### 13. ناوەوە. ماڵی تارا. ژووری دانیشتن. ئێوارە.

تاراو دانا باوەشیان بەیەکدا کردوە، تارا دەگری، دانا لە ژوورەکە دەچێتە دەرەوە. تارا پەلاماری فڵچەکان دەدات و دەست دەکات بە وێنەکێشان لەسەر ڕووی ئەو ئاوێنە گەورەیەی لە ژورەکەدا هەڵواسراوە، نەسرین یەتە ژورەوە و هەوڵ دەدات کەمێک ئارامی بکاتەوە، ئوسمان خۆی دەکات بە ژووردا.

**ئوسمان**

تۆ شێتی، تۆ خەریکی چیت؟ لە هەموو شوێنکی ئەم ماڵەدا

وێنە دەکێشی، تازە منال دەبیتەوە، تارا بۆ خاتری خوا تورەم مەکە.

**تارا**

باوکە، چاک دەزانم چی دەکەم.

**نەسرین**

ئوسمان ، ئێرە بە جێ بهێڵە.

ئوسمان ژوورەکە بەجێ دەهێڵێت .

### 14. ناوەو. ماڵی تارا. باخچەکە. شەو.

هەموو ئەندامانی خێزانەکە لە باخچەکەدا دانیشتوون، ئوسمان خەریکی خواردنەوەیە، تارا سێ پایی وێنە کێشانەکە دەهێنێ و تابلۆیەکی لەسەر دادەنێت، گڵۆپێک دادەگیرسێنێت تابلۆکە ڕووناک دەکاتەوە.

**ئوسمان**

تۆ هەر شت تێکەڵ دەکەیی، ئەمانە وێنە نین ، تۆ دەبێت فێربیت

یەکەم جار، من لەمانە تێناگەم.

**تارا**

تۆ ڕاست دەکەیی باوکە، ئەگەر تۆ حەزت لە هوونەر نەبێت

نازانی مانایی ڕەنگەکان چییە.

**ئوسمان**

ئەم شتانە لەبەر چاوم دوورخەرەوە.

تارا شتەکان کۆدەکاتەوە.

**ئوسمان**

دانا ، ئەمەویت قسەت لەگەڵ بکەم.

ئوسمان بەرەو سەربانی سەرەوە دەڕوات و دانا بە دوایدا.

**15. دەرەوە.ماڵی تارا. سەربانی هاوین. شەو.**

ئوسمان و دانا لەسەر سەربانەکە پیاسە دەکەن.

**ئوسمان**

گوێ بگرە کوڕم، بە نسبەتی  ئەو کوڕەی دراوسێمان، مەبەستم

ئالانە، پێی بڵێ با لەبەر چاومان وون بێت، یان....

**دانا**

وایی لێ دەکەم تاکو.....

ئوسمان باوەشی پیا دەکات.

**ئوسمان**

دانا، با قسەکەم تەواو بکەم، ئەتوانێت بێتە پێشەوە داوایی تارا بکات.

هەردوکیان زەردەخەنەیەک بۆ یەک دەکەن.

**16. دەرەوە. ماڵی تارا. باخچەی ماڵەکە. شەو.**

هەموو ئەندامانی خێزانی تارا لە حەوشەی ماڵەکەدا خەوتوون، تەنها ئوسمان نەبێت وریایە.

**ئوسمان** ( لەگەڵ خۆیدا)

زۆرم خۆش دەوێیت، بەڵام ئەگەر هێڵە سوورەکانی ئەم ماڵە ببڕی

بڕوا بکە بە بێ دوو دڵی سەرت لە جەستە جیا دەکەمەوە.

ئوسمان هەڵئەسێتە سەرپێ و دەمانچەکەی لە ژێر سەرینەکەی دەرئەهێنێت، بەرەو ڕووی قەرەوێڵەکەی تارا دەڕوات.

**نەسرین**

ئەوە خەریکی چیت؟

ئوسمان وەڵام ناداتەوە، بەردەوام ئەبێت لە ڕۆشتن، قەرەوێڵەکەی تارا بە جێ دەهێڵێت بەرەو ڕووی ژووری دانیشتنەکە دەڕوات

**17.ناوەوە. ماڵی تارا . باخچەی ماڵەکە. بەیانی.**

ئوسمان و نەسرین خەریکی نانی خواردنی بەیانین، تارا و دانا خۆیان گۆڕیوە ئەیانەوێت بەرەو دەرگایی دەرەوە بڕۆن.

**ئوسمان**

دانا، تۆ ئەتوانی بڕۆی، ئەمەوێت قسەلەگەڵ تارا بکەم ، لەوانەیە ئەمڕۆ

تارا لە قوتابخانە دوا بکەوێت یان هەر فریا نەکەوێت، تۆ بڕۆ.

**تارا**

نامەوێت لەگەڵ تۆ قسە بکەم، گفت و گۆ لە نێوان من وتۆ دا کۆتایی هاتوە،

تۆ هەموو ڕێگاکانی ژیانت لێ داخستووم، سەربانی سەرەوە، قوتانخانە،

تەنانەت نایێ خەویش ببینم، من دەزانم بەمانەشەوە ناوەستی، ئەزانم ئەتوێ چیبکەی.

تارا بە توڕەیی وە بەرەو ژووری دانیشتنەکە دەڕوات، ئوسمان و دانا لەدەرگایی دەرەوە دەچنەوە دەرەوە، دەرگاکە بە دوایی خۆیاندا دادەخەن.

**18. دەرەوە. ماڵی تارا. حەوشەی ماڵەکە ئێوارە.**

تارا کۆمەڵە تابلۆیەک کە خۆی وێنەی کێشاوە، وێنەکانی بە ستایلی سوریالیزم دروستکراوە، هەریەکەیان پشتەکەی کەتیرەی لێ ئەدات و هەڵیئەواسێت بە چوار دەوری دیواری حەوشەکەدا ، تاکو هەموو دوارەکە دادەپۆشێت.ا

**نەسرین**

ئەوە تۆ چی دەکەی؟

تارا وەڵام ناداتەوە.

**تارا** (بۆ خۆیی) ا

ئەزانم تۆ لەم شێوە وێنانە تێناگەیت، تۆ پیاوێکی شێتی، تۆ تەنها ئەوە

دەزانی کەلەسەر لە جەستەی ئاژەڵەکان جیا بکەیتەوە، یان شەوان خۆت

سەر خۆش بکەی، ئەزانم بۆ ڕقت لە ئیشقە، تۆ کوڕە تاقانە بوویت ئەیان

ویست بە دڵی خۆیان ژنت بۆ بهێنن. تۆ نازانی ئیشق چییە.

دەنگی دەرگایی دەرەوە، هەموویان وریا دەکاتەوە، تارا بەرەو ژووری دانیشتنەکە ڕا دەکات. ئوسمان یەتە ژوورەوە و سەیری وێنەکان دەکات.

**ئوسمان** ( هاوار دەکات)

ئەمە چییە؟ ئەم هەموو شتە ناشرینە چیە؟ ئەمانە ئەڵیی شەیتانن.

بۆ ناجوڵێیت ؟ وەرە هاوکاریم بکە با دیوارەکان لەم شیتانانە پاک کەینەوە.

ئوسمان خەریکی لێکردنەوەیی تابلۆکانە ، نەسرین لەسەر کورسیەکەی لە ناوەڕاستی حەوشەکەدا دانیشتوە و ناجوڵێت.

**19. دەرەوە.ماڵی ئالان، سەربانی هاوین، شەو.**

ئالان و کوێستان لەسەر کورسی دانیشتوون بەرامبەر تابلۆیەک لەسەر سەربانی ماڵی ئالا ن ، ئالان بەبەردەوامی جگەرە دەکێشێت.

**ئالان**

دایکە، ئەمشەو دوا وێنە دەکێشم، بۆ دواجاریش لەم سەربانە دەخەوم.

دایکی دەست دەکات بە گریان، ئالان دەچێت بۆ لای فلچەکانی.

**20. ناوەوە. ماڵی تارا. ژووری نوستن. ئێوارە.**

تارا خەریکی خۆ گۆڕینە لەبەر دەم ئاوێنەی کەنتۆرەکەدا ، سەراپای لە ڕەنگی ڕەش ناوە، نەسرین و دانا دێنە ژوورەوە.

**نەسرین**

پێم بڵێ، بۆچی سەراپا ڕەشت پۆشیوە؟ بۆ کوێ دەچی ؟

تارا خەریکی خۆ ڕێخستنە.

**تارا**

ئەمڕۆ ئەمەوێت ڕەنگەکان ببینم، لەوانەیە کەمێک تێگەشتنی قورس بێت.

**نەسرین**

من لەمانە تێناگەم، لەماڵەوە مەچۆرە دەرەوە تاکو باوکت دێتەوە.

**دانا**

بەیارمەتیت مەڕۆ، تۆ ئەزانی ئەگەر باوکم بێتەوەو تۆ لێرە نەبیت

چی ڕوو دەدات.

تارا کۆمەڵێک زەرفی نامە هەڵدەگرێت و لە ژوورەکە دەچێتە دەرەوە.

**دانا**

نەڕۆییت.... ووتم مەڕۆ.

نەسرین و دانا لە پەنجەرەی ژورەکەوە سەیری تارا دەکەن . تارا لە حەوشەکەدا چەند پارچە سەرچەفێک هەڵدەگرێت و بەرەو پێپلیکانەکان دەڕوات. دەرگای دەرەوە دەکرێتەوە، ئوسمان خۆی دەکات بە ژووردا، سەیری تارا دەکات ، بەڕاکردن بەرەو ژووری نووستنەکە ڕادەکات.

### 21. دەرەوە. ماڵی تارا. سەربانی هاوین. ئێوارە.

تارا لە پێپلیکانەکانەوە دەردەکەوێت و دەگاتە سەربانەکە، بە ڕووخساریدا دیارە دڵخۆشە، سەرچەفەکان دابەش دەکات بەسەر قەرەوێڵەکاندا و دانەیەکیان دەگرێت بە دەستیەوە و سەمایی پێ دەکات . کۆمەڵە زەرفەکە هەڵدەدات بۆ سەربانی ماڵی ئالان ، سەیری تابلۆکە دەکات و تووشی شۆک دەبێت، بە سەر سەربانەکەدا باز هەڵ دەدات.

### 22. ناوەوە. ماڵی تارا. ژووری نوستن . ئێوارە.

ئوسمان ناو کەنتۆرەکە دەگەڕێت، کۆمەڵێک جلوبەرگ هەڵدەداتە دەرەوە.

**ئوسمان** ( هاوار دەکات)

ئەوە لە کوێم داناوە؟

ژێر جێگای نوستنەکە دەگەڕێت، بۆکسێک لە ژێر جێگایی نوستنەکە دەردەهێنێت، بۆکسەکە دەکاتەوە، تفەنگێک دەرئ ەهێنێت، دانا دێتە ژورەوە، دانا هاوکاری باوکی دەکات، مەگەزینەکە دەداتە دەست باوکی ، ئەویش بەیەکیانەوە دەنوسێنێت . بەرەو ژووری دانیشتنەکە هەنگاو دەنێ و دانا بەدوایدا.

### 23. ناوەوە. ماڵی تارا. ژووری دانیشتن. ئێوارە.

ئوسمان دێتە ژورەوە و تفەنگەکەیی بە دەستەوەیە و دانا بەدوایدا دێت.

**نەسرین**

ئەمە چییە بە دەستەوە؟ کەمێک هۆش بێنەرەوە سەر خۆت.

ئوسمان و دانا لە ژوورەکە دەچنە دەرەوە لە ژوورەکە و نەسرین بەدوایاندا.

### 24. دەرەوە. ماڵی ئالان. سەربانی هاوین. ئێوارە.

تارا بەرامبەر تابلۆکەی ئالان وەستاوە.

**تارا**

ئالان.....

کوێستان دەرگاپی هەورەبانەکەیان دەکاتەوە و دێتە سەر سەربانی هاوین، تارا و کوێستان کەمێک لە یەکتری ڕادەمێنن.

**تارا**

بەیارمەتیت، پێم بڵێ بۆ ئەم ڕەنگانە  بۆ وا شێواون؟

**کوێستان**

ئەوە ڕەنگ دانەوەی ناخی ئالانە.

**تارا**

ئالان......

**کوێستان**

ئەو ڕۆشت......

**تارا**

بۆ کوێ چوو؟

**کوێستان**

بۆ شوێنێکی دوور، ژیانی ئەو لە ترسناکترین کاتدابوو، سەفەری کرد

هیچ ڕێگایەک نەمابوو تاکو لێرە بژی.

تارا تووشی شۆک بوە بەرامبەر تابلۆکە، وێنەیی خۆیەتی بەڵام ڕەنگەکان شێواون بەیەکدا، کوێستان خەریکی کۆکردنەوەی زەرفی نامەکانە، کۆیان دەکاتەوە و چەند دانەیەک هەڵدەپچڕێ ، هەموویان تابلۆیی بچوک بچوکی تیایە .

**25. دەرەوە. ماڵی تارا. حەوشەی ماڵەکە. ئێوارە.**

ئوسمان تفەنگەکەیی بە دەستەوەیە وبەرە و ڕووی پێپلیکانەکان ڕادەکات، دانا و نەسرین بە دوایدا.

**نەسرین**

بۆ کوێ دەچیت؟

ئوسمان وەڵام ناداتەوە بە خێرایی بەرە و سەربانی هاوین هەنگاو دەنێ.

**26. دەرەوە. ماڵی تارا. سەربانی هاوین. ئێوارە.**

ئوسمان بە تفەنگەکەوە لەسەر پێپلیکانەکانەوە دەردەکەوێ، نەسرین و دانا بە دوایدا دێن، هەموویان سەیری سەربانی ماڵی ئالان دەکەن، ئوسمان تفەنگەکەی ڕوو دەکاتە تارا لەسەر سەبانی ماڵی ئالان، پەنجەی دەخاتە سەر پەلە پیتکەی تفەنگەکەیی.

**دانا** ( هاوار دەکات)

تا......را.....

**تارا**

دەبی، بیتەقێنە....

تارا هیچ ناترسێ، بە هێزەوە بەرەو ڕووی باوکی دەبێتەوە، ئوسمان پەنجە بە پەلە پیتکەکەدا دەنێ و چەند گولەیەک لە تفەنگەکە یەتە دەرەوە بە شێوەیی سلۆمەیشن گولەکان دەڕوات بەرەو ڕووی تارا، هەموویان ئەدات لە وێنە شێواوەکە، نەسرین ئەقیژێنێ و کوێستان هاوار دەکات.

FADE OUT

THE END